# ئیرهابی تەعریب و تەعریبی ئیرهاب

پارێزەر ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر

دەمێکە ڕەگەزپەرستانی عەرب تاوانەکانی تەعریب دەرهەق بە گەلانی غەیرە عەرەب پیادە دەکەن لەو ڕێگەدا هەموو جۆرە کارو تۆقاندن و گوشارێک بەکار دەهێنن تا کارگەیشتە ئەو ئاستەی جینۆسایدش بە کاربهێنن، گەلانی زوڵملێکراو و تەعریب کراو چەندین سالە هاوار دەکەن بەڵام کۆمەلگای نێودەولەتی لەئاست ئەو تاوانانە هەربێدەنگن، تاوانەکانی تەعریب هیچ کاتێک بەبێ ئیرهاب ئەنجام نەدراون .

ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب کە ئەوەیان بۆ چووە سەر ئەوا یەکراست ویستیان ئەو تاوانانە دەرهەق بە وڵاتانی گەورە پیادە بکەن و تاوانی تەعریبیان لە ناوچەگەرێتی گواستەوە بۆ ئاستی جیهانی و بۆ ئەو مەبەستە چەندین گروپ و ڕێکخراویان پێکهێنا ، پاساوی ئەو تاوانانە دەرهەق بە گەلانی وەک کوردو ئەمازیغی ئەوەیە گوایە ئەمنی عەرەبی پێدەپارێزن یاخود بەرتەکی هەڵوێستی ڕۆژئاوایە بەرانبەر کێشەی فەلەستین و تێکرای ولاتانی عەرەبی، ئەوەبوو لە (١١)ی ئەیلول هێرش کرایە سەر ئەمەریکا ، هەرزوو چەندین وڵاتی عەرەبی و چەندین ڕێکخراوی سەربەو ولاتانە بەوکارە تۆمەتبارکراون، هەرزوو هەندێ لەو ڕژێمانە ئیقراریان بەوەکرد و دواتریش ئەنجامدەرانی ئەو کارانە ئەوانیش ئیقراریان کرد و وردە وردەش بەڵگەکان بۆ ڕۆژئاوا ئاشکرا دەبوون کە ئەوکارە هەندێ وڵاتی عەرەبی لە پشت بووە، بە پولی عەرەب و کەسانی سەر بە وڵاتانی عەرەبی ئەنجام دراون. ڕۆژئاوا سەرەتا ویستی کارەکە بخاتە ئەستۆی ئیسلام بەڵام دواتر لێی پەشیمان بوونەوەو بە ئیقراری ڕۆژئاوا و عەرەب ئەو کارەش وەک زۆری کاری دیکەی دژی ڕۆژئاوا تەعریب کرا و خرایە ئەستۆی نەتەوە پەرستانی عەرەب، بەواتایەکی دیکە ئیرهابی تەعریب و تەعریبی ئیرهاب بوونە یەک شت و تەواوکەری یەکتر بۆیە کە باسی ڕووداوەکانی (١١)ی ئەیلول دەکرێت جاروباریش باسی پاکتاوی ڕەگەزی و ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دەکرێت.

ئیرهابی تەعریب و تەعریبکردنی ئیرهاب ئەگەرچیش نزیکن لە یەکتر یا خەریکە یەکدەگرن لە سەرچاوەو ئامرازو ئامانج و دەرەنجامەکان، بەواتایەکی دیکە هەڵقولاوی یەک ئایدیاو سەرچاوەن ئەویش ئایدیا ڕەگەزپەرستی عەرەبچیاتیە لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ ڕووەوە لەیەکتر جیاوازن کە گرنگترینیان ئەم خالانەن:-

١ـ تەعریب هیچ پاساوێکی نیە کە دژی گەلانی ژێر دەستەی عەرەب پیادە دەکرێت، ئەو تاوانە دژی ئاین و یاسا نێودەولەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ و بەیەکەوە ژیانە ، بەڵام ئیرهابی تەعریبکراو لەهەندێ ڕووەوە پاساوی هەیە بەتایبەتی دژی ڕۆژئاوا.

٢ـ تەعریب لەسەرخۆ و بێ گوێدانە هیچ شتێک و لە بەرچاوی وڵاتانی دیموکرات و داکۆکی کەر لە مافەکانی گەلان و ڕێکخراوە نێو نەتەوەیەکان پیادە دەکرێت و لەهەندێ حالەتدا دەستخۆشیشی لێدەکرێت، بەڵام ئیرهابی تەعریبکراو زۆر بەپەلە پیادەکراو و تێکرای ولاتانی جیهان بە وڵاتانی عەرەبیشەوە ئیدانەیان کرد و بریاری نێونەتەوەیشی لەدژ دەرچوو هەر ئەو هەڵوێستەیە وایکردووە کە خەلکێکی زۆر بە ڕووداوەکانی (١١)ی ئەیلول دڵخۆش بن نەک لەبەرکوشتنی خەڵک و ڕووخاندنی بالاخانەکان بەلکو بۆ ئەوەی ئاورێک لە گەلانی ژێردەست بدرێتەوەو ڕۆژئاواو کۆمەلگای نێونەتەوەیی وشیاربینەوە و کارێک بکەن.

٣ـ لە تەعریبدا عەرەب وەک نەتەوەو دەولەت و وەک تاکیش سوودی زۆریان بینیوە لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری ستراتیژی و ئابووری و سەربازی ، بەڵام لە ئیرهابی تەعریبکراودا زیانی گەورەیان لێکەوتووە بە تایبەتی لە کێشەی فەلەستین و ئەگەری لێدانی چەندین ڕژێمی عەرەبی وەک ڕژێمەکەی سەدام ، هەروەها دەست بەسەر داگرتنی پارەی بلۆک کراوی عەرەب و ئابلوقە......هتد.

٤ـ تەعریب تاوانێکی نێوخۆو کۆنەو بەردەوامە سەرەتای هەبووە بەڵام کۆتاییەکەی دیارنیە ، تەعریب دژی خاک و خەلکە دژی ڕابردوو و دوارۆژە واتا ئامانجەکانی گشتین، بەڵام ئیرهابی تەعریبکراو کارێکی نێودەوڵەتیەو ئامانجی تایبەتی هەن، دژی چەندین شوێن و خالی دیاریکراوە. عەرەب چی بکەن؟

ئەرکە لەسەر عەرەب وەک نەتەوەو دەسەڵات و تاک ئیدانەی ئەو ڕژێمانە بکەن کە تاوانی تەعریب ئەنجام دەدەن داوابکەن و مافی خەڵکی زوڵم لێکراو بگەڕێنەوەو دان بە مافی ئەو گەلانە بنێن کە لەگەڵیان دەژین، هەروەها ئیدانەی کاری ئیرهاب بکەن و لەگەڵ جیهادو شۆرش کردن لە یەکتریان جوودابکەنەوە کەلە فەلەستین بەرانبەر ئیسرائل دەیکەن ئێمە لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی خۆراگری فەلەستینین باچیدیکە کێشەی فەلەستین نەکرێتە قوربانی تەعریب و ئیرهابی توندرەوانی عەرەب کەلە هەندێ وڵات و ڕێکخراوی عەرەبی بەرجەستە بوونە، باچیدیکە داکۆکی لەو ڕژێمانە نەکەن کە کەوتوونەتە بەرتیشکی تاوانەکانی تەعریب و تۆقاندن کە سەرقافلەی ئەو ڕژێمانە ڕژێمی بەغدایە، کورد چی بکا...؟

تاوانەکانی تەعریب و تەفریس و تەتریک کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت گەیشتۆنەتە ئەو ئاستەی کە کورد بەیەک چاو بڕوانێتە هەموویان ، کورد دەبێت ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە کە ئیرهاب تەعریبکراوە، کورد دەبێت بەڵگەی تاوانەکانی تەعریب ئامادەبکات وبیخاتە بەردەست وەک ڕووی دووەمی ئیرهاب و ئەو بەڵگانە بخاتە نێو دۆسیەی ئیرهابی نێودەولەتی بۆئەوەی ئاستێک بۆ تواندنەوەو پاکتاوکردنی ڕەگەزی کە دەرهەق بە کوردو کوردستان دەکرێت دابندرێت بۆ ئەوەی لە کاتی سزادانی تاوانکاران کوردیش قەرەبووی زیانەکانی بۆ بکرێتەوە یاهەرنا ئاستێک بۆ تەعریب دابنرێت.

کورد چ وەک نەتەوەو چ وەک دەسەڵات و چ وەک حزب و ڕێکخراو ئەرکی گەورەیان لە ئەستۆیە و دەبێت زۆر ژیرانە هەوڵ بدەن کە نەبنە قوربانی ئەم لاو ئەولا و کارێکی وانەکەن کە کورد و ئەزموون و حزبەکانی لەکەداربکرێن، دەبێت لەهەر شوێنێک تەعریب و ئیرهاب هەبێت ئیدانەی بکەن، باکوردی موسلمان و ئەزموون و حزب و ڕێکخراوەکانی بە پاکی و ڕەسەنی بمێننەوە، کورد وەک نەتەوەش بەوە رازی نابێت کە کاری تۆقاندن بخرێتە ئەستۆی ئیسلام یا داواکردنی مافی نەتەوەیی و شۆرش بە ئیرهاب ناوبندرێن، ئێمە وەک نەتەوەش خۆمان بەبرای عەرەب دەزانین بەڵام پێشمان خۆشە کە تەعریب بە ئیرهاب بژمێردرێت بەڵام پێمان خۆشنیە ئیرهاب تەعریب بکرێت چونکە کەسانێک هەن لەناو ڕەگەزپەرستانی عەرەب شانازی بە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی گەلانی دیکەوە دەکەن ...

لە کۆتایدا دەڵێین تەعریبکردنی ئیرهاب باشترین سزابوو بۆ ئیرهابی تەعریب و بیری ڕەگەزپەرستی عەرەب.

---

مشتێک

## لە خەرواری تەعریبدا
## چەند ڕووداوێکی ناوچەی قەراج و کەندێناوە
### بەشی یەکەم/ ( ٨ )

گاوە نادر

### شەڕی گەردی و دزەییان

یەکێ لەو شەڕە ماڵوێرانەی کە ماوەیەک بەرۆکی هەردوو عەشیرەتی کورد پەروەرو ڕەسەنی کوردی ( گەردی و دزەیی) گرت بوو، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم (سالانی سی) کە خوێنی چەند لاو و جوامێری هەردوولای تێ چوو، هۆکای هەرلگیرسانی ئەم شەڕە جەرگ بڕە لە بنەڕەتدا بەهۆی ئەوە بوو لە کاتی سەردانی هەندێ لە خزمانی مدیر ناحیەی (هەرشەمی) دەو بەستۆرەی ئەوساکە یەکێ لە ئاغاکانی دزەیی بووە، بە ڕێگای کەرە گەورو گورگی پشت کەرکانی نزیک ئاقاری بەحرکە رەت دەبن بێ ئەوەی لادەنە لای کاکل ئاغای گەردی بەحرکە، ئەمەش لەخۆیدا مانایەکی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆیە کاکل ئاغای گەردیان بەدەست و پێوەندو خزمەکانی خۆیان ڕادەگەێنێ گەر هاتوو لە هاتنەوەیاندا، لایان نەدا دیوەخان، ئەوە تەقەیان لێ بکەن و هەڵیان ببرن، بەداخەوەش کە هاتنەوە میوانەکان لایان نەدا دیوەخانی کاکل ئاغا ، بۆیە گەردییەکان دەکەونە دویان و شەڕ دەقەومێ و یەکێ لە دزەییەکان دەکوژرێ و یەکێکی دیکەیان لێ بەدیل دەگیرێ، ئەم هێرشانە بۆ سەر یەک دوو درێژەی دەبێ تا لە یەکێ لە شەڕەکان ئاغایەکی دزەیان بە ناوی «وسوی کاکەخانی» دەکوژرێ و هەرلە درێژەی، ئەو شەڕە یەکێ لە ئاغاکانی گەردیش بەناوی «مەولودی حەسەن ئاغا» کە سوارچاک و شەڕ کەرێکی یەکجار چەڵەنگ بوو ئەوش دەکوژێ و کوشتنی مەولودی حەسەن ئاغا سولحی هەردوولای پێکراو شەڕە ماڵوێرانەکەی نێوان ئەو دوو عەشیرەتە ڕەسەنە کۆتایی دێت.

یەکێ لەو سەربردانەی کە لە درێژەی ئەو شەرە دەگێڕنەوە جارێکیان دوو پیاوی گەردی بەدیل لە لایەن دزەیەکان دەگیرێن، دزەیەکان دوای سندم کردنیان لەناو عەمباری گەنمی زیندانیان دەکەن لە ماڵی ئاغای سیاوی کە ژنەکەی گەردی دەبێ و دوو پاسەوانی بۆ دادەنێن، بەڵام شەو ئەو دوو پاسەوانانە خەویان لێ دەکەوێ ژنە گەردیەکەش کە ژنی ئاغای گوندی سیاوێیە، هەڵدەستێ دەرگای عەمبار دەکاتەوە و هەردووکیان ئازاد دەکا بەدزی و مەلای گوندی سیاویش دوای سندم شکاندنی پێیان هەربەو شەوە بەرێیان دەکاو دوای ئەوەی دەگەنەوە هەولێر، دەبینن کە خزم و کەسیان شین و شەپۆکیان بۆ دەگێڕن و بە هاتنەوەیان شینیان لێ دەبێتە شایی .

---

# ئاراستەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگوازتن لە هەرێمی کوردستانی عێراق

دکتور /خەلیل ئیسماعیل محەمەد
و: کامەران محەمەد عومەر

### بەشی (٥)

**لە دیارترین وێنەکانی ڕاگواستنیش کە بەرەو ڕووی کوردبۆوە**

١ـ ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥

سەرەرای ئێش و ئازارەکانی کورد لە شالاوەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندو دەربەدەرکردنی دانیشتوانی لە سایەی حوکمی پاشایەتی، کەچی ئەو ئێش و ژانانە لە سەردەمی حوکمی کۆماری چەندجار زیاتر بووەوە .

ڕۆژنامەی (الثورە) لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا لە سەروتارێکدا بانگەوازی ئەوەی کرد کە (پێویستە کورد لە بۆتەقەی نەتەوەی عەرەبدا بتوێتەوە، هەتاکو ئەگەر پێویستی کرد هێزیشی بۆ جێبەجێ کردنی ئەمە بەکار بهێنرێت)..

بەڕاستیش شالاوی ڕاگواستن پەرەی پێدراو هەموو جۆرەچەکێک بەکارهات لە شەستەکان و حەفتاکان، ڕێکەوتننامەی جەزائیرش هەلێکی زێرین بوو و عێراق قۆزتیەوە بۆ پاکتاوکردنی حساباتی لەگەڵ گەلی کورد و ئینجا ناوچە سنوریەکانی کەلەگەڵ سوریاو تورکیاو ئێران ڕامالێ لە دانیشتوانەکەی کۆی کردنەوە لە هەندێک مۆڵگای نزیک بە شارەکان و ڕێگا سەربازیەکان بۆ چاودێری کردن و زاڵ بوون بەسەریاندا و هەزارانی دیکەشی ڕاپێچا بەرەو ناوەراست و باشوری عێراق بە تایبەتی بۆ پارێزگاکانی ئەنبارو قادسیەو زیقارو موسەنا ، لە دەقی بڕیاری ژمارە (١٣٩١)ی ٢٠ / ١٠ / ١٩٨١دا هاتووە (ڕاگواستنی کوردو تورکمان بۆ باشوری عێراق)و لیژنەیەک پێک هات بۆ سەرپەرشتی کردنی دروست کردنی کۆمەڵگا زۆرەملێکان لە پارێزگاکانی باشورو ناوەراستی عێراق جگەلە بەغدا و دیالەو تکریت نەبێت، بەڕاستیش هەرلەهەمان ساڵ (١٢٦٦) گوند چۆڵ و وێرانکرا خەڵکەکەی ڕاگواسترا بۆ باشور، لەنێو ئەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانەش سمود لە قەزای کەلارو دارەتوو لە پارێزگای هەولێر، شانەدەری پیرەمەگرون و هەڵەبجەی نوێ لە سلێمانی دروستکرا، ئەگەرچی بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر قولایی ناوچە چۆلکراوەکان بە (١٠ـ٢٠)کم دیاری کرا بەڵام عێراق ئەو ماوەیەی فراوانترکرد و لە هەندێک شوێن گەیاندی بە (٤٠) کم و گوندو ئاوەدانیەکانی لەو ناوچانە کێشایەوە کە بەسەر سنوری ئێران و تورکیاو سوریاوەن و ئەو شالاوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨) لە ٢١ / ٨ / ١٩٨٢ هاتووە (بەدرێژایی سنورەکان ئاوەدانی حەرام دەکرێت، ئەگەر بوش بەهێز چارەسەر دەکرێت) جێبەجێ کردنی ئەم حەرام کردنە کاتی شەڕو ناشەڕ لێی گرتەوەو، لە سەریەکە ئیداریەکان بەم شێوەیەی خوارەوە کێشرانەوە.

١ـ قەزاکانی: چۆمان، ڕەواندوز، زێبار، لە پارێزگای هەولێر کە ژمارەی گوندە ڕاگوێزراوەکان گەیشتە (١٤٨) گوند.

٢ـ قەزاکانی: هەلەبجەو، شارباژێر، دوکان، پشدەر لە پارێزگای سلێمانی ژمارەی گوندەکانی گەیشتە (٥١٧) گوند.

٣ـ قەزاکانی : ئامێدی، زاخۆ، دهۆک، لە پارێزگای دهۆک ژمارەی گوندەکانی (٢٠٧) گوند بوون

٤ـ هەروەها هەزاران کەس لە دانیشتوانی قەزای مەندەلی و خانەقین بۆ باشوری عێراق گواستەوەو ئەوانی دیکەی لە کۆمەلگاکانی دەربەندیخان و کەلار نیشتەجێکرد.

٥ـ ناوچەی (ژەنگار) بەرەو ڕووی ڕاگواستن بۆوەو نزیکەی (١٣٢) گوندی لێ چۆلکراو لە باکورو باشوری ژەنگار لە شوێنی تایبەتیدا کۆکرانەوە، سەرەرای ڕاگواستنی خەڵکی خودی شاری ژەنگار، کە زۆربەیان لە کوردە یەزیدیەکان بوون بەرەو کۆمەلگاکانی وەک قادسیەو بەعس و ئەندەلوس.

چەندین ڕۆژنامەنوس و پەیامنێری بیانی سەردانی گوندی وێرانکردوی کوردا ناو باخ و بێستانە سوتاوەکان و جێهێلراوەکانیان بینیوە کە ئەوە سیاسەتی سوتاندن و دەرپەڕاندنی دانیشتوانی هەرێم دەخاتە ڕوو، بۆیە ڕۆژنامەی (لۆمۆندی) فەرەنسی لە ڕۆژێ ٢١ / ٩ / ١٩٨٩دا لەزمانی پەیامنێرەکەیەوە کە سەردانی ناوچەکەی کردوە دەڵێت: کوردستان بۆتە شانۆی کارەکانی دەزگاکانی ڕژێمی عێراق بۆ نەهێشتنی گوندو شارەکان لەسەر ڕووی زەوی و ڕەشکردنەوەیان بەیەکجاری...دەربارەی قەلادزێ دەلێت: ئێستا لەتەنیا لە زاکیرەدا ماوە و کە خەڵکەکەی کە ( ٧٠) هەزار کەس دەبوون چۆلکراوە.

لە دەقی بڕیای ژمارە ١٧٢٥ی ٢١ / ٦ / ١٩٨٦ ی حاکمی عەسکەری ناوچەکەدا هاتووە (کوشتن و لە سێدارە دانی بە کۆمەڵ و بێ دادگاییکردنی لە ناوچە قەدەغەکراوکان و لێدانیان بە هەموو چەکێک و نەهێشتنی ژیان تیایدا) هەروەها بڕیارەکە ڕێ بە تالانکردنی موڵک وماڵی گوستراو و نەگواستراو دەدات بیانوی حکومەتی عێراقیش بۆ ئەمە ئەوە بوو کە دانیشتوانی دەپارێزێ لە مەترسی جەنگ و مەرجی گونجاوتری ژیانیان بۆ دابین دەکات پرۆسە کە بەم شێوەیە بوو

أ- پرۆسەی وێرانکردنی گوندو شارۆچکەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکە لە هەندێک شوێن لە قولایی (٤٠) کم بۆ ناو خاکی هەرێمی زیاتربڕی

ب ـ ئەو پرۆسانە گوندو شارۆچکە ئاوەدانەکانی بە درێژایی سنوری عێراق ـ تورکیا ـ سوریای گرتەوە

ج ـ لە کاتێک حکومەتی عێراق دانیشتوانی ناوچە سنوریەکانی ڕاگواست، لەناوچە سنوریەکانی وەک فاو و بەسرە سەرلەنوێ شارو ئاوەدانی نوێی دروست دەکرد .

---

# شوێنە تەعریبکراوەکان لە سەرژمێری ساڵی١٩٥٧

**لیواء کرکوک الناحیة/ شوان القضاء :کرکوک**

بەشی (١٠)

| ت | اسم القرية | نفوس | ت | اسم القرية | نفوس | ت | اسم القرية | نفوس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ٤٩٥ | وريجان | ١١٦ |
| ٤٤٥ | ريدار | ٣٧٠ | ٤٧٠ | قمير | ٨٥ | ٤٩٦ | ده لو | ١٧٥ |
| ٤٤٦ | جيوه جيوه | ٤٤ | ٤٧١ | ابراهيم زانه | ٢٣ | ٤٩٧ | اديار بك | ٦٨ |
| ٤٤٧ | قولي بك | ٢١ | ٤٧٢ | تبه كوره عليا | ٤٦ | ٤٩٨ | كوران | ٩٧ |
| ٤٤٨ | علي بيان | ٢٥٠ | ٤٧٣ | تبه كوره سفلى | ٣٦ | ٤٩٩ | كماو فوت | ٣٢٦ |
| ٤٤٩ | بيرامت | ١١٥ | ٤٧٤ | مام ره ش | ٣٦٠ | ٥٠٠ | داريسره | -- |
| ٤٥٠ | كهر يزودغر | ١٠٦ | ٤٧٥ | علي موسى | ١٩ | ٥٠١ | كلمكوة | ٦٤ |
| ٤٥١ | معارطه | ٧١ | ٤٧٦ | خضر شيرين | ١٢٠ | ٥٠٢ | دار بيله | -- |
| ٤٥٢ | طوارغ | ١٢٥ | ٤٧٧ | توركه | ١٢ | ٥٠٣ | علي ميكائيل | ٧٦ |
| ٤٥٣ | دويزني | ٧٧ | ٤٧٨ | اسماعيل بكي | ٢٠٠ | ٥٠٤ | ترو سالم | ١١٦ |
| ٤٥٤ | قادر زمه | ٧٨ | ٤٧٩ | نی حسين | ١٣٣ | ٥٠٥ | محمود فاطه | ٧٢ |
| ٤٥٥ | مامات | -- | ٤٨٠ | ناولوجه حجه بله | ٢٠٠ | ٥٠٦ | تلكى | ٨٩ |
| ٤٥٦ | جانفز عليا | ٦٨ | ٤٨١ | ناولوجه حجه رجب | ٣٣ | ٥٠٧ | كاوك سوار | ٢٢ |
| ٤٥٧ | جانفز سفلى | ٩٧ | ٤٨٢ | ناولوجه حجه جرجيس | ١٠٢ | ٥٠٨ | شوكير | ٣٢٥ |
| ٤٥٨ | كنياك | ١٠٩ | ٤٨٣ | حسن فياق | ٨٨ | ٥٠٩ | بلكانه | ١٦٩ |
| ٤٥٩ | حاجى بنجان عليا | ١٨ | ٤٨٤ | دوشيوان | ١٢٧ | ٥١٠ | ورماتاو | ٩٤ |
| ٤٦٠ | حاجى بنجان سفلى | ٩٨ | ٤٨٥ | ابلنجاغ | ٢٤ | ٥١١ | حمدون | ١٩٥ |
| ٤٦١ | مرمر بولاق | ٤٥ | ٤٨٦ | عمر فدان | ٣٠٣ | ٥١٢ | مرزيجه عليا | ٢٥٠ |
| ٤٦٢ | مورو | ٥٩ | ٤٨٧ | وارا خنبار | ١١٦ | ٥١٣ | مرزيجه سفلى | ١٤٦ |
| ٤٦٣ | عمر بك | ٧٦ | ٤٨٨ | طرقه | ٢٠ | ٥١٤ | كانى ره ش | ٧٢ |
| ٤٦٤ | بابيلان | ٥٤ | ٤٨٩ | كهريز خانجلان | ٧٢ | ٥١٥ | جكيله | ١٧٢ |
| ٤٦٥ | قادر على | ٤٨ | ٤٩٠ | ناصر مصر | ٤٣ | ٥١٦ | قره تاو | ٣٨٥ |
| ٤٦٦ | جلمان | ٢٠٨ | ٤٩١ | تقى ميرزا | ١٣٦ | ٥١٧ | كينك | ٦٠ |
| ٤٦٧ | قفار | ٢٤٧ | ٤٩٢ | بلكه ره ش | ١٤٨ | ٥١٨ | سمافه | ١٢٨ |
| ٤٦٨ | تومار | ١٧٨ | ٤٩٣ | يخته خان | ١٨١ | ٥١٩ | كوزده بى | ٥ |
| ٤٦٩ | كوكان | ١٠٢ | ٤٩٤ | سوره دى عليا | ٨٣ | ٥٢٠ | توركان باغ | ١٧٠ |

عدد القرى (٧٦).مجموع نفوس القرى لسنة ١٩٥٦ (٨٥٠١).

مجموع نفوس القرى تخمينا في ايلول لسنة ١٩٥٧ (٨٥٤٢).

---

پرۆگرامی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان
بەشی دووەمی تایبەت بەئامانجەکان
مادەی چوارەم ـ لە برگە (٨)داهاتووە :
(یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان هەوڵدەدا کە کاربکرێت لە پێناو ڕاگرتنی شالاوی بەعەرەب کردن و دەرکردن و گواستنەوەی کوردەکان لەو ناوچەی کە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی ناوەندیدان، وەبەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و شەنگارو تەلەعفەرو مخمورو ناوچە کوردییەکانی دیکە بە هەموو شێوەیەک).